هەریەکێک بچێتە بەهەشتەوە جەز ناکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا ئەگەرچیش هەموو دونیای پێبدرێت جگە لە شەهید نەبێت، هیوا دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ دونیا، بۆئەوەی دە جاری تر بکوژرێت؛ ئەمیش بەهۆی ئەو ڕێزلێنانەی دەیبینێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەریەکێک بچێتە بەهەشتەوە جەز ناکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا ئەگەرچیش هەموو دونیای پێبدرێت جگە لە شەهید نەبێت، هیوا دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ دونیا، بۆئەوەی دە جاری تر بکوژرێت؛ ئەمیش بەهۆی ئەو ڕێزلێنانەی دەیبینێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: «بەهۆی بینینی فەزڵ (وپاداشتی) شەهیدبوون».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هیچ کەسێک نییە کە بچێتە نێو بەهەشتەوە وجەز بکات لە بەهەشت دەربچێت وبگەڕێتەوە بۆ دونیا جارێکی تر، ئەگەر هەرچی لەسەر زەویش هەیە پێی بدرێت لە گەوهەر وگەنجینەی بەنرخ وکۆشک وتەلار وباخی ڕازاوە وقەشەنگ، بەڵام چینێک لە خەڵکی جەز دەکەن بگەڕێنەوە ئەوانیش بریتین لە شەهیدەکان، جەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ دونیا دە جاری تر بۆئەوەی جیهاد وتێکۆشان ئەنجامبدەن لە پێناوی خوای گەورە و دە جاری تر سەرفرازی شەهید بوون بەدەست بهێنن لە جیاتی یەک جار؛ ئەمیش بەهۆی ئەو فەزڵ وڕێزلێنان وبەخشینانەی دەیبینن کە دەدرێت بە شەهیدەکان لە بەهەشتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3864

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee